### ئاگاداریەك لە رێكخراوی ژنانی پەنابەری كوردستانەوە بۆ كۆمەلگەی كوردی لە بەریتانیا

## تایبەت بە كوشتنی ژنێكی كورد بەناوی (شەوبۆ علی روئوف) لە كوردستان-هەولێر



لە رۆژنامەی جەماوەر رۆژی 21-5-2007 هەوالی كوشتنی ژنێكی كورد بە ناوی (شەوبۆ علی رەئوف) تەمەن 19 سال ودایكی كچێكی 9مانگ بلاوكراوەتەوە كەدوای كوشتن و فری دانی لە رۆژی 12-5-2007 لە لای سەیتەرەی بیستانە تەرمەكەی دۆزراوەتەوە.

لەمبارەوە باوكی شەوبۆ بۆ رۆژنامەی جەماوەر دەدوی ودەلێ: " شەوبۆ بۆنزیكەی دووسالە شوی كردوە بە كورێك بەناوی (هێمن مەولود علی) كەپەنابەرە لەبەریتانیا، لەشاری بیرمنگهام وناوی خۆی گۆریوە بۆ (نەمر محەمەد علی) لەدایك بووی 1977 دووبرای تری هەر پەنابەرن لە بەریتانیابە ناوی (سەمیر مەولود علی) و(مامە مەولود علی)".

باوكی شەونم دەلی: "مالی خەزۆری شەوبۆ بوختانیان بۆ شەوبۆ لەلای هیمن بۆدروست كردوە وگوایە لەموبایلی شەوبۆدا ژمارەیەكی نەناسراوی تیدابووە" و بۆ ئەم مەبەستە هێمن گەراوەتەوە بۆ كوردستان و بۆماوەی مانگێكە لەوێیە. شەوبۆ پیش كوشتنی بە نیگەرانیەوە دەكەریتەوە مالی باوكی بەلام هێمن سێ رۆژ پیش روودانی كارەساتی كوشتنی شەوبۆ دەچێتە مالی خەزوری وداوادەكات كە باوكی شەوبۆ رێگەی بدات لەگەل شەوبۆ بچن بۆ دوكان بۆ سەیران بۆ دوورۆژ.

ئیتر هەرئەورۆیشتنەیە شەوبۆ ناگەریتەوە و دواتر كەسێكی غەریب تەلەفون بۆ باوكی شەوبۆ دەكات ودەلیت هیمن مولودو سەمیر مولود ومامە مەولود كچەكەتیان كوشت ولاشەكەی لە سەیتەرەی بیستانە فرێ دراوە. كاتێك كەسوكاری شەوبۆ و پۆلیس دەگەنە شوێنەكە لاشەی ساردەوەبووی شەویۆ دەدۆزنەوە ودەبینن دەستی لەدووشوین شكاوە وپیستی هەموی روشاوە وە حەوت گوللەی پیۆەیە.

هیشتا رق و قینەی خەلكی كوردستان بەرامبەر تراجیدیای مەرگی دوعا كپنەبۆتەوە, هیشتا مۆمی داكیرساو بۆ مەرگی دوعا نەكوژاوەتەوە. شەوبۆی لاو، شەوبۆی خۆشەیستی باوكی، دایكی مندالێكی نۆمانگە بەدەستی چەند درندەی میشك شۆراوە بە فەرهەنگی رزیوی پیاوسلاری و عشایری ئەكەونە گیانی و گوللەبارانی دەكەن.

ئیمە وەك هەردوو رێكخراوی ژنانی پەنابەری كوردستان و سینتەری رۆژهەلاتی ناوەراست بۆمافەكانی ژنان لە بەریتانیا هەر بەبیستنی خەبەرەكە یەكسەر تفاصیلی ئەم كەیسەمان هەر بەو شێوەیەی كە لە رۆژنامەی جەماوەرەوە بلاوبۆتەوە گەیاندە پۆلیسی میترۆ پۆلیتان لە لەندەن هەروەها بە ( West Midland Police) لە بیرمنگهام تا بە دوای ئەم كەیسەدا بچن و هەربەو دەلیلەی كەباوكی شەوبۆ دەلیت و دلنیایە كە ئەوكەسانە گەراونەتەوە بەریتانیا ئیمە مسئولیەتی بەدواداچوونی ئەم كەیسەمان خستۆتە سەرشانی پۆلیس بەتایبەتی پۆلیسی بیرمنگهام.

ئیمە نامانەوەی ئەو غەم ساردییەی بەرامبەر كەیسی صوبحیە نادر كرا ئەمرۆ دووبارە ببیتەوە.

ئیمە هەولی تەواوی خۆمان ئەدەین لەكەنالی جۆراوجۆرەوە بۆ بەدواداچوونی ئەم كەیسە لەبەریتانیا لەهەمانكاتدا داوا لە كۆمیونتی كورد لەبەریتانیا ئەوانەی زانیاریان هەیە لەسەر ئەوكەسانەی ناویان هاتوە یان لەسەر كەیسەكە لەگەلمان پەیوەندی بگرن وهاوكاریمان بكەن تابەهەمووومان چیتر نەهێلین دەستی ناموسیپەرستیو پیاوسالاری لەسەر ژیانی ژنان درێژ بیت كۆتایی بەم بەربەریتە بهێنین.

بەسوپاسی زۆر بۆ هاوكاریتان

بۆپەیوەندی: تیلفون

02072631027 موبایل 07748851125

فاکس: 02075619594

ئیمیل: sawsansalim@yahoo.com

**ڕێکخراوی ژنانی پەنابەری کوردستان**

2007-5-29